Kurdistan parliament- Iraq
Kurdistan - Erbil
Directorate Of Parliament Affairs

NO:

DATE:



**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**کوردستان ـ هەولێر**
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان
ژمارە: ل ٢٣٥
ڕۆژ: ٢٠١٠/٥/٩

---

**بۆ /**

**١- لیژنەی کاروباری یاسایی**
**٢- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان**
**٣- گشت ئەندامانی پەرلەمان**

**بابەت/ پڕۆژەی یاسا**

پشت بەستن بە مادده ( ٧١ )ی پێڕەوی ناوخۆی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەك لە دەقی پڕۆژە یاسای ( گرنگیدان بە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان )، ئاراستەتان دەکەین، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کراوەو، لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی(٢٠١٠/٥/٥ ) پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی کراوە، تکایە دوای دیراسەت کردنی لە ڕای خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە.

**لە گەڵ ڕێزماندا**

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کمال کەرکوکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
* نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
* نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
* نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
* بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان / لیژنەکان.

Iraq –Kurdistan
Parliament
Kurdistan - hawler
CHANGE FRAKTION

No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان – عێراق
کوردستان - هەولێر
فراکسیۆنی گۆڕان

ژمارە: ٢٩
بەروار: ٢٠٠٩/١١/١٨

بابەت / پرۆژە یاسای گرینگی دان بە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبیەتیەکان

م /١ ئەم زاراوانە ئەم مانایانە دەگەیەنێت بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە :–

١. کەم ئەندام : هەرکەسێك دەگرێتەوە کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن یاخود مافی پەنابەری هەبێت لە هەرێمدا کە ڕێژەی کەم هێنانی هەستان بەکاری (عجز) و ١٥٪ یاخود زیاتر بێت

٢. خاوەن پێداویستی تایبەتی : هەرکەسێك دەگرێتەوە کە دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت یاخود مافی پەنابەریەتی هەبێت لە هەرێم دا کە لەروی دەرونی و عەقلی یەوە کەسێکی ئاسایی نەبێت یاخود نەخۆشی تەلاسیمای هەبێت و بەراپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەت مەند سەلمێندرابێت

٣. لیژنە ی پزیشکی : لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی یەکە لە هەموو پارێزگایەکەدا هەیە .

٤. وەزارەت : وەزارەتی کارو باری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق

٥. کەسی داواکار : کەم ئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی یاخود (قیم) لەسەری یاخود بەرێوە بەرایەتی ئاکامەکان (قاصر بن) دەگریتەوە .

م/٢ هەر کەم ئەندامێك یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی :

١. ئەوانەی مووچەیان هەیە ٢٠٠٪ مووچەکەیان زیاد دەکرێت

٢. نابێت مووچەیان لە (٢٥٠٠٠٠) هەزار دینار کەمتربێت .

٣. ئەوانەی کارمەندی دەوڵەتن لە پاڵ مووچەی دەوڵەت دا ٥٠٪ مووچەی کەم ئەندامیش وەردەگرن دوای ئەژمار کردنی زیاد کردنەکە .

٤. کارکردنی کەم ئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی لە کەرتی تایبەت دا پێویستی بەرەزامەندی بەرێوەبەرایەتی ئاکامەکانە .

٥. هەرکەسێك بەزۆر کار بە کەم ئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی بکات یاخود پرسی بەرێوەبەرایەت ئاکامەکان حوکم دەدرێت بە زیدانی کردن کە لە(١) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ ئەم مەبەستەش (وەستانی جێ بەجێ کردنی حوکم کەسی تاوانبار ناگرێتەوی )

٦. ئەوانەی کەتوانای عەقلی بەسەرخۆی یاخود مامەڵەکانی دا نەبێت پێویستە سەر پەرشتیار (قیم) یکی بۆ دابنرێت ئەگەر نەبوو ئەوە بەرێوە بەرایەتی (قاصرین) دەبێتە (قیم) لە سەری .

م/٣ – لە هەر پارێزگایەکدا لیژنەی پزیشکی هەڵ دەستێت بە پێشکەش کردنی راپۆرت بە وەزارەت بە مەبەستی سەلماندنی کەم ئەندامی یاخود سەلماندنی ئەوەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتی یە کەسی داواکار بە سەلماندنی .

م /٤ أ–ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیانەی یاخود کەم ئەندامانەی کەناتوانن خۆیان خزمەتی خۆیان بکەن حکومەت خزمەتکارێکی بۆ دادەمەزرێنێت بە مووچەی مانگانە بەبری (٢٥٠) هەزار دینار بە مەبەستی خزمەت کردنی .
ب . بە شێوەیەکی دەوری وەزارەت یاخود بەرێوە بەرایەتی (قاصرین) پێویستە لە سەری هەستێت بە پشکنینی پێویست بەشێوەیەکی مانگانە بۆ دڵنیابوون لە خزمەت کردنی کەم ئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی لە لایەن ئەو خزمەت کارەی بۆی دەگیرێت .

م/٥ . لە هەموو پارێزگایەکدا حکومەت لە ژێر سەر پەرشتیاری وەزارت دا هەڵ دەستێت بە دامەزراندنی خانەیەك بۆ ئەو کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی یە تایبەتیانەی کە خزمەتی خۆیان پێ ناکرێت یاخود بێ کەسن یاخود لە لایەن کەس و کاریانەوە گرنگیان پێ نادرێت لەگەڵ دابین کردنی تەواوی پێداویستی یەکانی ژیانیان .

م/٦. مامەلە کانی کرین و فرۆشتن و بەخشینی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت پێویستی بە رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی (قاصرین) .
م/٧. لە سەر حکومەت پێویستە سالانە لە هەر پارێزگایەك (١٠)کورسی لە کۆلێژ و (١٠) کورسی لە پەیمانگاکان بۆ ئەو کەم ئەندامانە دابین بکات کەتوانای خوێندنیان هەیە و لە دامەزراندنیش دا ئەولەو یەتیان پێ بدرێت .

م/٨. کەم ئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی و خانەوادەکەی (باوك ، دایك ، برا ، خوشك ، کور ، کچ) و قیم لەسەری پشکنین و نەشتەر گەری پزیشکی و چارەسەری پێویستی بێ بەرامبەر پێ دەدرێت لە رێگای پەراوێکی تایبەتی کە وەزارەت دەیدات بەو ناو براوانە .

م/٩. هەر کەم ئەندامێك یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی پارچەیەك زەوی پێ دەدرێت لەگەڵ پێدانی (سلفەی عقار) بە مەبەستی دابین کردنی شوێنی نیشتە جێ بوون بۆی .

م/١٠. لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن .

م/١١. له رۆژی بلاو کردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیەوە کاری پیٚ دەکریٚت

## هۆیە پێویستی یەکانی دەرچونی ئەم یاسایە

لە بەر ئەوەی پێویستە لا بکریٚتەوە لەو کەسانەی کەناتوانن وەك پێویست هەستن بەئەرك و فەرمانەکانیان یاخود دابینکردنی بژێوی ژیانیان یاخود خزمەت کردنی خۆیان ، پێویستە گرینگی زیاتریان پێبدریٚت چونکە ئەرکێکی ئەخلاقی یەو ئەرکی حکومەتە بە تەنگ ئەو کەسانەوە بچێت .